بابەت::جوگرافیای ئاسیا

هەفتەی سێیەم:

دیارترین بەشەکانی تۆپۆگرافی کیشوەری ئاسیا ئەمانەن::

1-دەشتە نزمەکانی باکووری ئاسیا :

ئەم دەشتە دەکەوێتە بەشی باکووری کیشوەرەکە کە لە ناوچەیەکی تەخت و فراواندا هەلکەوتووە ، زنجیرە چیای ئۆراڵ لە دەشتی مەزنی ئەوروپا جیای دەکاتەوە نیشتووی سەهۆڵی رووی ئەو ناوچەی داپۆشیوە هەرچەندە بەرەو باکوور برۆین زەوی نزم دەبێتەوە لە ئاستی رووی دەریاوە دیارترین و مەزنترین روبارەکانی جیهان لە نێو ئم دەشتە رێچکە دەگرن کە بریتین لە روبارەکانی ( اوب، یانسی، لینا ) وەک لە نەخشە دەبینرێ بەشەکانی باشوری رۆژئاوای ئەم دەشتە ژمارەیک رووباری تێدا هەڵدەقوڵێت لەوانە ( سارادار یا - ئامودار یا ) کە لە دەریاچەی ئاراڵ کۆتایان دێت ..

2- بەرزایەکانی ناوەراستی ئاسیا :

ئەم بەرزایانە بەشی ناوەراست و رۆژ ئاوای ئاسیا لە خۆ دەگرێت کە بە گرنگترین و مەزنترین چیاکان دەناسرێن لە جیهان بە گشتی لقە سەرەکیەکانی ئەم بەرزاییە لە گرێی ( پامێر ) ەوە کە (12) هەزار پێ بەرزە لە ئاستی رووی دەریا وە بەم شێوە دەست پێدەکات..

1- زنجیرەیەک چیا بە ئاراستەی باشوری رۆژئاوا دەکشێت بە ناوی ( سلێمان ) دواتر پێی دەوترێت بەرزایەکانی ( بلوجستان) کە دەروانێتە کەناراوەکانی ( دەریای عەرەب ) و ( کەنداوی فارس ) لەوێدا بە کرمان دەناسرێت دواتر بە ئاراستەی باکوری رۆژئاوا دەکشێت,پێی دەگوترێت ( چیاکانی لورستان و بەختیاری ) داتر ناسراوە بە ( زاگرۆس ) وە هەروەها بەرەو باکوور دەروانێت وە بە کوردستان ناسراوە هەتا دەگاتە گرێی ( ئەرمینیا ) لە باکووری رۆژئاوای تورکیا ..

2- لە گرێی پامێرەوە زنجیرە چیایەک بە ئاراستەی رۆژئاوا دەکشێت پێی دەوترێت ( هیندو کۆش ) دواتر لەسەر زەوی ئەفغانستان بە بەرزایەکانی (کۆبیت داغ)دەناسرێت دواتر لە ناوچەی ( خوراسان ) بە چیای (ئەلبورز ) دەناسرێت کە بەرزترین لوتکەی ( دەماوەند )کە زیاتر لە 5 هەزار مەتر بەرزە لەسەر ئاستی رووی دەریا تا بەرەو باکووری رۆژ ئاوا دەکشێت لە گرێی ( ئەرمینیا ) کۆتایی دێت..

3- لە گرێی پامێرەوە زنجیرە چیایەک بە ئاراستەی باشورو باشوری رۆژهەڵات دەکشێت بە ناوی ( هیمالایە ) ، کە مەزنترین چیاکانی جیهانە لوتکەی ( ئەڤرێست ) لە نێو ئەم زنجیرە دایە کە بەرزیەکەی دەگاتە (٨٨٥٤) مەتر دایە لە ئاستی رووی دەریا داتر لە وڵاتانی بۆرما و میانمار دەبێتە دوو بەشەوە دواتر نوقمی ژێر ئاو دەبێ لە دورگەکانی ( نیکۆپارو ئەندامان ) دواتر دەردەکەوێتەوە لە دورگەکانی ( جاوە و سۆمەترە )..

4- لە باکوری بەرزایەکانی ( هیمالایا ) زنجیرە چیایەکی دیکە لە گرێی پامێرەوە دەردەچێت بەڵام کورتە ناسراوە بە (قەرەقۆم) ئم زنجیرە بەشی رۆژئاوای ( بانی تبت ) دەبرێت بە ئاراستەی باکووری روژئاوا بەرەو باشوری رۆژهەڵات دەروا .

5- هەر لە گرێی پامێرەوە زنجیرە چیایەک دەردەچێت ناسراوە بە ( تیان شان ) ئەم زنجیرە بیابانی ( گۆبی ) دەبرێت..

(لە بەرزاییەکانی ناوەراستەوە) چەند بان و حەوزێک دەردەکەوێت لەوانە:

أ-بانی تبت:

دەکەوێتە باشوری خورئاوای چین، بە بەرزترین بان لە جیهان لەقەلەم ئەدرێت، کە دەگاتە(12)هەزار پێ لە ئاستی دەریاوە، بۆیە ئەم بانە ناسراوە بە سەقفی جیهان. ئەم بانە دەکەوێتە نێوان بەرزایەکانی هیمالا لە باشوورەوە، بەرزایەکانی کوین لن لەباکورەوە و باکوری خوورئاوا، لەم بانە چەندین دەریاچە بەدی ئەکرێت لەوانە(تام سو، زلینگ تسوو، مونتکا، نورنج نور، تانجر اتسو).

ب-بانی ئێران:

ئەم بانە دەکەوێتە ناوەراستی ئێران، چەند زنجیرە چیایەکی بەرز بانی ئێرانی دەورە ردراوە لەوانە گرێی پامیر و لقەکانی لە خۆرهەڵاتەوە، زنجیرە چیای ئەلبوورز لە باکورەوە زنجیرە چیای زاگرۆس لە خوورئاواوەوە، بەگشتی بانی ئێران لەچەند حەوزێکی داخراو پێکهاتووەوە بۆیە رێرەوی روبارەکان و لقەکانیان هەر لەوێ کۆتایی پێیان دێت. بەشی ناوەراستی ئەم بانە نزمە و بەرزاییەکە لە ئێران(3000_5000)پێ لە رووی دەریاوە، رووبەری زەلکاوی لەم بەشە دەگاتە(25٪)لە رووبەری گشتی بانەکە هەردوو بیابانی(کاڤر و لوت) لەم بانەدا دەردەکەون.

ج_بانی ئەنادۆڵ (بانی ئاسیای بچووک):

شوێنی ئەم بانە لە بەشی خوورهەلات و ناوەراستی توورکیایە، ئەکەوێتە نێوان هەردوو زنجیرە چیای(بۆنتس)لەباکوروە زنجیرە چیای(ئەنتی تۆرۆس)لە باشوردا، بەشی ناوەراستی ئەم بانە زور خوار خێچ و بچڕ بچڕە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە گرد و تەپۆڵکە لە خۆدەگرێت وە چەند رووبەرێکی نزم لە رووی ئاستی دەریاوە تێدایە، ئەم ناوچە نزمانە بۆتە هۆی دروست بوونی چەند دەریاچەیەک لەم بانە وەک دەریاچەی(تۆز) لە خورئاوا و دەریاچەی(ڤان)لە خۆرهەڵات. جگە لەم بانانە کە لە نێوان بەرزاییەکانی ناوەراستدا بوونیان هەیە، چەند رەوالەتێکی تر لە ناوەراستی ئاسیا دەردەکەون لەوانە (هۆنان)و حەوزی(تسێدام)و حەوزی(تاریم) و حەوزی(زەنجاریا)، هەروەها بیبانی گوبی و تەکلامەکان و بیابانەکان و نیمچە دورگەی عەرەبی و خۆرئاوای عێراق.

4_بەرزاییەکانی باشوری کیشوەری ئاسیا:

-ئەم بەرزاییانە لە دوو بەش پێکهاتوو:

أ-بەرزاییەکانی ئەرکانیۆما (بۆماس) کە درێژبوونەوەی زنجیرە چیای هیمالایایە بەرەو خۆرهەڵات، دواتر بەرەو باشوری کیشوەرەکە واتە بەرەو ولاتی میانمار (بۆرما) ئەم زنجیرەیە بەرەو باشور دواتر نووقمی ئاوی کەنداوی بەنگال دەبێت و لە دورگەکانی ئەندامان و نیکۆبار دەردەکەوێ دواتر لە دورگەکانی سۆمەترە و جاوە و دورگەکانی تر کۆتایی دێت.

ب-بانی دکن: ئەم بانە وەک و سێگۆشەیەک لە ناوەراست و باشوری ولاتی هندستان دەردەکەوێت رووبەرێکی زۆر لە خۆدەگرێت ، لە کۆتا بەشێک بووە لە کیشوەری گوندوانا، جۆری بەردەکانی لە بەردی کۆن و ئاگرین و گۆراو پێکهاتووە، ئەم بانە لە باکورەوە دەروانێتە سەر دەشتەکانی کینج و سند لە باشوریشەوە دەروانێتە سەر زەریای هندی لە خۆرهەڵاتەوە، زنجیرە چیای غاتی خۆرهەڵاتەوە دەوری داوە، بەگشتی رووی زەوی بانی دەکن بەرەو خۆرئاوا بەرز دەبێتەوە و تێکرای بەرزی بانی دەکن لە نێوان(2000-4000) پێ یە لە ئاستی دەریاوە ، هەروەها رووبارەکانی ئەم بانە بە ئاراستەی خۆرهەڵات و بەنداوی بەنگال کۆتاییان پێدێت.

ج-بانی نیمچە دوورگەی عەرەبی:

بریتیە لە پێکهاتەیەکی زۆر کۆن ، دەکەوێتە نیمچە دوورگەی عەرەبی لەباشوری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، ئەم بانە لە ڕوژئاوا و باشوری رۆژئاواوە واتا لە چیایەکانی (عەسیر) و (یەمەن) بەرەو رۆژهەڵات و باکوری رۆژهەڵات واتا بەرەو کەنداوی عەرەب و عێراق لێژ دەبێتەوە.

4- دەشتە نیشتەنی یەکانی ڕووبارەکان:

لە (کیشوەری ئاسیا) چەندین دەشتی نیشتەنی هەن کە بە درێژایی ڕووبارە گەورەکان دروست بوون، ئەو دەشتانە بەوە جیادەکرێنەوە کە بە پیتن هەر ئەوەش رۆڵی هەبووە بو ڕاکێشانی زۆرترین چری دانیشتوان بو لای خۆی، دواتر بۆتە شوێنی نیشتەجێبوون.

-گرینگترین ئەو دەشتانە بریتین لە:

1)- دەشتی دیجلە و فورات لە عێراق کە نزیکەی(20٪)ڕووبەری عیراق داگیرکردووە.

2)- دەشتی سیندیان هێدۆس لە پاکستان.

3)- دەشتەکانی کینج لە هندستان.

4)- دەشتی براهاما پۆترا لە بەنگلادش.

5)- دەشتی نیراوادی لە بۆرما.

6)- دەشتی میکونگ لە هیندی چینی، لە ئێران (تایلاند و لاوس و کەمبۆدیا.

7)- دەشتی یانگستی لە چین.

8)- دەشتی هوانگ هۆ لە چین.

تۆپۆگرافیا

شوێنی جوگرافی کیشوەری ئاسیا سەرنجی پسپۆرانی جیۆپۆلۆتیکی بوو چونکە لە کۆمەڵێك دەشتی فراوان پێکهاتووە هەر لە ناوچەکانی دەشتە مەزنەکانی ڕووسیا و سیبیریای مەزن و ناوچەکانی تری ئاسیا دەگرێتەوە بۆیە ئەم ناوچەیە لەبارودۆخی شەڕ و ئاشتی گرنگی خۆی هەبوو لەبەر ئەو هۆیانە زانایان زاراوەی ( دڵی زەویان )بۆ بەکارهێناوە

لەم بارەیەوە زانا ئەلفرێد ماهان باس لەگرنگی بەهای ستراتیجی ناوچە وشکانیەکانی کیشوەری ئاسیا دەکات لەلایەکی ترەوە ڕوالەتە سروشتیەکانی کیشوەری ئاسیا بۆتە هۆی دەرکەوتنی چەندین کۆمەلەی ئیتنی جیاواز چونکە ئەو ڕوالەتە سروشتیانە بونەتە هۆی دابڕانی ناوچە جیاوازەکان لەیەکتر بۆنموونە بەرزایەکانی هیمالایا کە باکور و باشور لەیەکتر جیادەکاتەوە ، هەروەها بەرزایەکانی تیان شان بۆتە هۆی جیاکردنەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیا و لەگەل ناوچەکانی ناوەڕاست هەر لەم بارەیەوە کۆمەلێك وەچەی جیاواز لە کیشوەرەکە دەرکەوتون وەك (زەرد پێستەکان،قەوقازیەکان ،هیندۆسەکان)چەندین وەچەی کۆنی تر هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری هەمەچەشنی ڕوالەتی سروشتی لە ناوچەکەدا

## هەرێمەکانی ئاووهەوا

**تەوەری سێیەم**

هەرێمە ئاووهەوایەکان لە کیشوەری ئاسیا دەکرێن بە 9 جۆر .

گرینگترینیان ئەوانەن :

1_ هەرێمی ئاوهەوای جەمسەری -تەندرا.

2_ هەرێمی ئاوهەوای سارد -مەنشوریا.

3_ هەرێمی ئاوهەوای ساردی مامناوەند – باکوری خۆرهەلاتی چین.

4_ هەرێمی ئاوهەوای باشووری خۆرهەلاتی چین و خۆرئاوای ئاسیا .

5_ هەرێمی ئاوهەوای وەرزی .

6_هەرێمی ئاوهەوای ئیستوائی /دوورگەیی.

7_ هەرێمی ئاوهەوای بیابانی گەرم.

8_ هەرێمی ئاوهەوای بیابانی فێنك .

9_ هەرێمی ئاوهەوای کیشوەری .

لێرەوە بە درێژی باس دەکرێن:

1_ هەرێمی ئاوهەوای جەمسەری تەندرا : ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکووری کیشوەری ئاسیا هەروەها کەنارەکانی زەریای بەستەلەکی باکوور واتا هەموو کەنارەکانی باکووری ڕووسیا دەگرێتەوە بەگشتی ئەم هەرێمە دۆخی ئاوهەوایەکەی لە زستاندا دوور و درێژە زۆربەی مانگەکانی سال بەستوویەتی لەم هەرێمەدا هەندێك گژووگیای وەرزی هەن کە بەکەلك دێن بۆ لەوەڕگا بۆ ئاسکی ڕەنا .

2_ هەرێمی ئاوهەوای  سارد -مەنشووریا: ئەم هەرێمە دەکەوێتە باشووری هەرێمی ئاوهەوای جەمسەری کەهەریەک لە ناوچەکانی باکووری یابان و دوورگەی سەخالین لەخۆ دەگرێ ، زستانی ئەم هەرێمە زۆر ساردە زۆر جاریش دەکەوێتە بەر هەلکردنی زریانی بەفر .

3_ هەرێمی ئاوهەوای ساردی مام ناوەند : ئەم هەرێمەش دەکەوێتە باکووری چین و ناوەڕاستی دوورگەکانی یابان سرووشتی باران لەم ناوچەیە پچڕ پچڕە  لەبەر ئەوە هەرێمەکە هەندێ کات تووشی کەم بارانی دەبی ، دانیشتوانەکەی هەوڵی کۆکردنەوە و بە کۆگاکردنی ئاویان داوە  واتە (خزن المیاە).

4_  هەرێمی ئاوهەوای باشووری ڕۆژهەلاتی چین و ڕۆژئاوای ئاسیا : ئەم هەرێمە بەشی باشووری چین و باشووری یابان و ڕۆژئاوای ئاسیا دەگرێتەوە .

5_ هەرێمی ئاوهەوای وەرزی : ئەم هەرێمە وولاتی هیندستان و نیمچە دوورگەی  هیندی چینی  دوورگەکانی فلیپین و سریلانکا دوورگەی جاوا دەگرێتەوە  ، پلەی گەرما لەو هەرێمەدا لە وەرزی زستان دادەبەزێ لە مانگەکانی کانونی دووەم و شوبات بەلام لە وەرزی هاوین پلەی گەرما لەمانگەکانی ئادار و نیسان و مایس بەرز دەبێتەوە .

6_ هەرێمی ئاوهەوای ئیستوائی /دوورگەیی: ئەم هەرێمە لە ناوچەکانی هەردوو دیوی هێلی یەکسانی دەردەکەوێ بەتایبەت لە دوورگەکانی ئەندەنوسیا و فلیپین و مالیزیا لەم هەرێمەدا باران بارین بە درێژایی ساڵ هەندێ جاریش  نیشانەی ئاوهەوای وەرزی تێدا بەدەردەکەوێ .

7_  هەرێمی ئاوهەوای بیابانی گەرم : ئەم هەرێمە بەشێکی فراوانی کیشوەری ئاسیا دەگرێتەوە بەتایبەتی بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوا و بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق دوورگەی عەرەب و بیابانەکانی ئێران و بیابانی (غوبی )دەگرێتەوە ، بەگشتی دۆخی باران لەم هەرێمە زۆر کەمە و  پلەی گەرماشی زۆر بەرزە بۆ نموونە

بەرزترین پلەی گەرما لە یەکێک لە وێستگەکانی بلوجستان تۆمارکراوە کە بریتیە لە وێستگەی جاکوباداد کە پلەی گەرمیەکەی گەیشتۆتە 38 پلەی سەدی لەوەرزی هاویندا.

8_ هەرێمی ئاوهەوای بیابانی فێنك :

گرنگترین ناوچەکانی ئەم هەرێمە  بریتین لە :

_ بیابانی غوبی و ئاوزێلی تاریم

_هەرێمی بانی ئێران

_ (هەرێمی سکیانگ ) دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای چین .

9_ هەرێمی ئاوهەوای کیشوەری : لەچەندین ناوچەی ئاسیا دەردەکەوێ بەتایبەت لە ڕۆژئاوای ئاسیا وەك عێراق و ئێران و بەشێك لە تورکیا ، دیارترین خاسیەتەکانی لە وەرزی زستان زۆر ساردە و زۆر جار پلەی گەرما دادەبەزێ بۆ ژێر سفری سەدی ، لە وەرزی هاوینیش پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووی  40 پلەی سەدی .